# ڕێنمای بۆکەسانی سەرپەرشتیکار/چاودێر

## ١ . بەگشتی

لەچوارچێوە بازنەی ئەوئەرکەی کەبەتۆ سپێردراوە ، ئەرکی سەرشانتە کەیارمەتی کەسی سەرپەرشتیکراو بدەیت لەکاتی بەکارهێنانی توانای مامەڵەی یاسایی ، بۆئەوەی ئەم کەسە لەچوارچێوەی هەلەرەخساوەکانی بەردەمیدا ژیانی بەپێی خواستەکانی خۆی ڕێکبخات . ئەمە واتای ئەوەیە کە پەیوەندی شەخسی ، بەتایبەتی گفتوگۆی **شەخسی** لەگەڵ کەسی سەرپەرشتیکراودا گرنگە **.** ڕەچاوکردنی پەیوەندی پێویست لەگەڵ کەسی سەرپەرشتیکراودا لەلایەن دادگای سەرپەرشتیکردنەوە چاودێری دەکرێت .

لەبنەڕەتدا خواستەکانی کەسی سەرپەرشتیکراو دەبێت جێبەجێ بکرێت ، جگەلەو خواستانەی کە زیانبەخش دەبن بۆ کەسی سەرپەرشتیکراو یاخود ڕەنگدانەوەی نەخۆشیەکەبێت یاخود جێبەجێ کردنیان لەلایەن تۆوە شوێنی ڕازیبون نەبێت . ئەگەر تۆ نەتوانیت خواستەکانی کەسی سەرپەرشتیکراو دیاریبکەیت یاخود ڕێگەت پێنەدرابێت بەدوایاندا بچیت ، ئەوا دەبێت خواستەکان بخەملێنیت وەرەچاویان بکەیتو وەبەپێی ئەوەش بڕیار بدەیت . ئەگەر کەسی سەرپەرشتیکراو ڕێپیدانی نەخۆشی نوسیبوو، ئەوا دەبێت بۆ پشتگیریکردن لەهەموو خواستەکانی کەسی سەرپەرشتیکراو، هەموو ئەو ئامرازانە بەکاربهێنیت کەلەبەردەستتدان . هەروەها تۆ دەبێت یارمەتی ئەو کەسە بدەیت کە سەرپەرشتی دەکەیت ، هەموو هەلەکانی بەردەمی بەکار بهێنێت ، بۆئەوەی توانای جێبەجێکردنی کاروباری خۆی سەرلەنوێ دروست بکاتەوە یاخود باشتری بکاتەوە .

تۆ بەپێی یاسا مافی ئەوەت هەیە ، کە نوێنەرایەتی کەسی سەرپەرشتیکراو کەلەکاروباری دادو دەرەوەی دادیشدا بکەیت . توانای مامەڵەی یاسایی کەسی سەرپەرشتیکراو/ مافی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ، وەک خۆی دەمێنێتەوە . مافی نوێنەرایەتی کردنت لەکاتێکدا بەکار دەهێنیت ئەگە پێویست بکات .

تۆ **ناتوانیت نوێنەری** کەسی سەرپەرشتی کراوبیت ، ئەگەر بابەتەکە سەبارەت بە **مامەڵەی یاسای** یاخود **پرۆسەیەک** بێت ،

ـ لەکاتێکدا ئەگەر تۆ لەلایەکەوە پێویست بکات نوێنەرایەتی کەسی سەرپەرشتیکراو وەلەلایەکیترەوە نوێنەرایەتی خۆت یاخود کەسی سێهەم بکەیت یاخود

ـ لەکاتێکدا ئەگەر تۆ پیویستبکات نوێنەرایەتی کەسی سەرپەرشتیکراو بەرامبەر هاوسەرەکەت یان ئەوکەسی کەوەک هاوبەشی ژیانت تۆمارکراوە یان کەسێک لەکەسوکارە ژمارە یەکەکانت ( نەنک ، باپیر ، دایک ، باوک ، نەوە ) .

ئەگەرئەرکی کاروباری سەروەت وسامان خرایە سەرشانت ، ئەوا دەبێت بەشێوەیەکی ڕێکوپێک سەروەت و سامانەکە بەڕێوەبەریت ، وە خواستەکانی کەسی سەرپەرشتیکراو لەکاری وەبەرهێناندا لەبەرچاوبگریت .

## ٢ . دەسەڵاتپێدان / ڕەزامەندی لەلایەن دادگای سەرپەرشتیکردن

لەو کاروبارانەی کە لەڕوی یاساییەوە بۆ کەسی سەرپەرشتیکراو گرنگن ، زۆربەی کات پێویستی بە ڕەزامەندی دادگای سەرپەرشتیکردن هەیە . ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کەتۆ بەبێ وەرگرتنی ئەو ڕەزامەندیە، ناتوانیت بەشێوەیەکی کاریگەر مامەڵ بکەیت .

گرێبەستێک کە بەبێ ڕەزامەندی پێویستی دادگای سەرپەرشتیکردن ببەسترێت ، ئەوا (بەهەڵواسراوی و بێ کاریگەر) دەمێنێتەوە . ئەم گرێبەستە لەکاتێکدا کاریگەری دەبێت ، کە ڕەزامەندییەکی ڕەوای دادگای سەرپەرشتیکردن لەبەردەستدا بێت وە لایەنی بەرامبەری گرێبەستەکەی لێ ئاگادار کرابێتەوە . تۆ دەبێت لایەنی بەرامبەری گرێبەستەکە ، لەڕەزامەندییە ڕەواکە ئاگادار بکەیتەوە .

ڕێککەوتننامیەک/مامەڵەیەکی یاسای یەکلایەنە (بۆنمونە هەڵوەشانەوەی گرێبەستی بەکرێگرتنی شوێنی نیشتەجێبونی کەسی سەرپەرشتیکراو) دەبێت **پێش** مامەڵە یاساییەکە ڕەزامەندیەکە وەرگیرابێت .

بەپێی یاسای سەرپەرشتی کردن ، وەرگرتنی ڕەزامەندی لەم نمونانەدا پێویستە :

- **نیشتەجێکردن بەشێوەی لێسەندنەوەی ئازادی** ،

- ڕەزامەندی لەسەر ڕێ وشوێنی **زۆرەملێی پزیشکی** ،

- **ڕێ وشوێنەکانی لێسەندنەوەی ئازادی** ، بۆ نمونە دانانی بەربەست لەسەر سیسەمی نوستن ، پێدانی جۆرە دەرمانێک یاخود مادەیەکیتر ، کە دەرئەنجامەکەیان لێسەندنەوەی ئازادی بێت بۆ ماوەیەکی درێژ ،

- **دەربڕینی ڕەزامەندی لەسەر پشکنین ، تەندروستی چارەسەرکردن ، یاخود نەشتەرگەری پزیشکی** ، ئەگەر هۆکارەکانی مەترسی لەبەردەستدابێت ، کەکەسی سەرپەرشتیکراو بەهۆی ئەم ڕێوشوێنانەوە ژیانی لەدەستبدات ، یاخود بۆماوەیەکی درێژ زیان بەتەندروستی بگەیەنێت ، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کەدواکەوتنەکە مەترسیداربێت یاخود تۆ و پزیشکی چارەسەرکەر هاوڕابن کە ئەمە هاوشێوەی ڕەزامەندی دیاریکراوی کەسی سەرپەرشتیکراوە ، لەکاتێکدا ئەگەر ڕێپیدانی نەخۆش لەبەردەستدابێت یاخود لەبەردەستدا نەبێت بەپێی (پەرەگرافی ١٨٢٧ لەیاسای مافی هاوڵاتی )،

- **ڕازینەبون لەسەر پشکنین ، تەندروستی چارەسەرکردن ، یاخود نەشتەرگەری پزیشکی** ، کەئەگەر ڕێوشوێنە پزیشکیەکان دەریبخات وە ئەگەر هۆکارەکانی مەترسی لەبەردەستدابێت ، کەکەسی سەرپەرشتیکراو بەهۆی بەئەنجام نەگەیاندنی یاخود وەستانی ئەم ڕێوشوێنانەوە ژیانی لەدەستبدات ، یاخود بۆماوەیەکی درێژ زیان بەتەندروستی بگەیەنێت ، یاخود تۆ و پزیشکی چارەسەرکەر هاوڕابنن کە ئەمە هاوشێوەی ڕەزامەندی دیاریکراوی کەسی سەرپەرشتیکراوە ، لەکاتێکدا ئەگەر ڕێپیدانی نەخۆش لەبەردەستدابێت یاخود لەبەردەستدا نەبێت بەپێی (پەرەگرافی ١٨٢٧ لەیاسای مافی هاوڵاتی )،

- **هەڵوەشاندنەوەی بریکارنامەی گرنگپێیدان** ،

- **بەتاڵکردنەوە / دەستکێشانەوە لەگرێبەستی بەکرێگرتنی شوێنی نیشتەجێبوون** کە کەسی سەرپەرشتیکراو بۆخۆی بەکاری بهێنێت ،

- **واژۆکردنی گرێبەستی شوێنی نیشتەجێبون** ، ئەگەر پێویستبکات تۆ شوێنی نیشتەجێبونێک بەکرێ بدەیت کەلەبنەڕەتدا لەلایەن کەسی سەرپەرشتیکراوەوە بەکارهێنرابێت ، یاخود هەر گرێبەستێکیتری بەکرێگرتن و بەکرێدان ، لەکاتێکدا کە گرێبەستەکە بۆماوەی زیاتر لەچوار ساڵ بێت ،

ـ **مامەڵەی زەوی و زار** ، بۆنمونە فرۆشتنی یاخود بەکارهێنانی پارچەزەوییەک ،

ـ **ڕەتکردنەوەی وەرەسە یاخود میراتی** یان گرێبەستی دابەشکردن/یەکلاکردنەوەی میرات ، هەروەها فەرماندان لەسەر میراتییەک لەداهاتودا یاخود بەشێک کەبەپێی یاسا ئەرک بێت ،

ـ وەرگرتنی **قەرزێک/سلفەیەک** ،

ـ **پارەدانان بۆ مەبەستی وەبەرهێنان** لەکاتێکدا ئەمە نەخرێتە سەر حسابێکی بانکی کەسی سەرپەرشتیکراو ، کە گونجاوبێت بۆ وەبەرهێنانی سودبەخش لەلای بانکێک بەپێی (پەرەگرافی ١٨٤٨ لەیاسای مافی هاوڵاتی )،

ـ **بەستنی ڕێککەوتننامە** ، لەکاتێکدا ئەگەر نرخی ئەو بابەتەی کەکێشەی لەسەرە ، لە ٦٠٠٠ ئۆیرۆ کەمتربێت یاخود ئەگەر دادگایەک ڕێکەوتن نامەکەی بەشێوەی نوسراو پێشنیار کردبێت یاخود پرۆتۆکۆل کردبێت .

ئەم خاڵانە **پراوپڕ نییە** ، لەکاتی دودڵیدا واباشترە زانیاری لەدادگای سەرپەرشتیکردنەوە وەربگریت .

## ٣ . ئەرکەکان بەرامبەر بە دادگای سەرپەرشتیکردن بەشێوەیەکی گشتی

لەسەرەتای سەرپەرشتی کردنەکەوە ، دەبێت ڕاپۆرتێکی سەرەتای بېرێتە دادگای سەرپەرشتیکردن ، ئەمە لاکاتێکدا پێویست ناکات کەئەگەر تۆ سەرپەرشتیکردنەکە بەشێوەی خۆبەخشانە ئەنجام بدەیت یاخود پەیوەندیەکی خێزانی یان پەیوەندیەکی کەسی لەنێوان تۆ و کەسی سەرپەرشتیکراودا هەبێت . لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت بەلایەنی کەمەوە ساڵی جارێک دادگای سەرپەرشتیکردن لە پەیوەندیە شەخسییەکانی کەسی سەرپەرشتیکراو ئاگادار بکەیتەوە .

بۆ ڕونکردنەوەی پەیوەندیە شەخسییەکان لەگەڵ کەسی سەرپەرشتیکراودا تکایە بەتایبەتی سەبارەت بەم خاڵانە ئاگاداری بدە ،

ـ چەند جار پەیوەندی شەخسی بەئەنجام دەگەیەنرێت ،

ـ بەچ جۆر و شێوەیەک ئەم پەیوەندیە دەپارێزرێت ، هەروەها

ـ هۆکارەکان چین کەلەکاتێکدا نەتوانرێت پەیوەندییەکی بەردەوام بەئەنجام بگەیەنرێت .

ئەگەر تۆ ئەرکی گرنگیدان بە سەروەت و سامانت پێیەخشرا ، ئەوا دەبێت لەسەرەتای سەرپەرشتیکردنەکەوە ، سەبارەت بە سەروەت و سامانی کەسی سەرپەرشتیکراو **(تۆماری سەروەت و سامان)** لەگەڵ بەڵگەی گونجاودا بخەیتە بەردەست (پەرەگرافی ١٨٣٥ لەیاسای مافی هاوڵاتی). هەروەها دەبێت ئەو تۆماری سەروەت و سامانە زانیاری سەبارەت بەدەسکەوت و خەرجییە بەردەوامەکانی کەسی سەرپەرشتیکراو لەخۆبگرێت .

ئەگەر تۆ ئەرکی گرنگیدان بە سەروەت و سامانت پێیەخشرا ، پێویست دەکات ساڵانە **حساب/ پسوڵە** سەبارەت بە دەستکەوت و خەرجی بخرێتە بەردەست . لەم کاتەدا پێویست دەکات دەسکەوتەکان و خەرجییەکان بەشێوەیەکی یەکلەدوایەکو ڕێکخراو و بەبەڵگەوە داڕێژرابێت ، ئەمەش لەکاتێکدا ئەگەر کارەکە بەڵگەی هەبێت . پسوڵەکان با زنجیرە ژمارەیان لەسەربێت . بەشێوەیەک ، کە بەژمارەکادا

دیاربێت کەپسولەکە دەسکەوتە یاخود خەرجییە لەحسابەکەدا . بۆ ئاسانکاری دەتوانیت بۆ ئەم مەبەستە لەدادگای سەرپەرشتیکردنەوە فۆرمە پێویستەکان وەربگریت .

ئەگەر تۆ دایک ، باوک ، برا ، خوشک ، هاوسەر، هاوبەشی ژیان ، نەوەی کەسی سەرپەرشتیکراو بیت یاخود سەرپەرشتیکاری یانەیەک یاخود دامودەزگایەک بیت ، ئەوا لەبنەڕەتدا تۆ لەپێدانی حسابی/پسولەی ساڵانەدا بەخشراویت ، بەڵام ئەرکی سەرشانتە کە ساڵانە تۆماری موڵک و سامان بخەیتە بەردەست (پەرەگرافی ١٨٥٩ برگەی ١ لەیاسای مافی هاوڵاتی) . لیستەی موڵک و سامان دەبێت سەروەت سامانی کەسی سەرپەرشتیکراو لەخۆبگرێت کەلەژێر دەسەڵاتی بەڕیوبردنی تۆدایە .

دادگای سەرپەرشتیکردن دەتوانێت هەموو کاتێک و لەدوتریشدا داوای پسولەی حسابەکان بکات. لەبەرئەوە واپێویست دەکات کەئەگەر لەسەرەتاشدا ئەرکی پێشکەشکردنی پسولەکانت لەسەر شان نەبوو ، ئەوا بۆ دڵنییای واباشترە هەموو پسولەبانکییەکان هەڵبگیرێت .

بەپێی پەرەگرافەکانی ١٨٣١ ـ ١٨٣٣ ، ١٨٦٤ لەیاسای مافی هاوڵاتی دەبێت **بەبێ دواکەوتن** دادگای سەرپەرشتیکار ئاگادار بکەیتەوە ئەگەر ،

ـ بارو دۆخی شەخسی و ئابوری کەسی سەرپەرشتیکراو بەشێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانکاری تێدابێت،

ـ لادان وە سنوردارکردنی سەرپەرشتیکردنەکە ڕێگەپێدراوبێت یاخود فراوانکردنی سەرپەرشتیکردنەکە پێویست بکات ،

ـ فەرمانی پاراستنی / سنوردارکردنی ڕەزامەندی پێویست بکات یاخود بتوانرێت لاببرێت (ئەمە مانی ئەوەیە ، کەکەسی سەرپەرشتی کراو بۆ دەربرینی خواستەکانی پێویستی بە ڕەزامەندی ڕاشکاوانەی تۆ هەبێت) ،

ـ پێویست بەدانانی کەسێکیتری سەرپەرشتیکار بکرێت ،

ـ نیشتەجێکردن بەشێوەی لێسەندنەوەی ئازادی یاخود ڕێوشوێنەکانی لێسەندنەوەی ئازادی بتوانرێت کۆتاییان پێبهێنرێت یاخود بەبێ ئاگاداری دادگای سەرپەرشتیکردن کۆتاییان پێهێنرابێت ،

ـ تۆ تانەت لە ڕەزامەندی زۆرەملێی پزیشکی دابێت ، یاخود

ـ ئەدرێسی تۆ یاخود ئەدرێسی کەسی سەرپەرشتیکراو گۆڕانکاری تێدابوبێت .

## ٤ . پاداشت و دەرماڵەی خەرجییەکان و گەڕاندنەوەی خەرجییەکان

سەرپەرشتیکردن لەبنەڕەتدا بێبەرامبەر(پەرەگرافی ١٨٧٦ لەیاسای مافی هاوڵاتی). بەڵام لەکاتێکدا ئەگەر کەسی سەرپەرشتیکراو دەوڵەمەند بێت و مەودای ڕێکخستنی کاروبارەکانی قورس و فراوانبێت، ئەوا دادگای سەرپەرشتیکردن دەتوانێت ڕەزامەندی لەسەر پێدانی دەرماڵەیەک بەتۆ دەرببڕێت .
ئەگەر لەکاتی سەرپەرشتیکردنەکەتدا خەرجیت هەبوو، ئەوکاتە دەتوانیت لەدوای ڕاوێژکردن لەگەڵ دادگای سەرپەرشتیکردن بڕێکی گونجاو لە سەروەت و سامانی کەسی سەرپەرشتیکراو وەربگریتەوە. ئەگەر هیچ سەروەت و سامانێک لەبەردەستدا نەبێت ئەوا گەڕاندنەوەی خەرجییەکان لەدوای داواکردنییانەوە لەلایەن گەنجینەی دەوڵەتەوە دەبێت .

لەبری وەرگرتنەوەی بڕی ڕاستەقینەکەی خەرجییەکان ، دەتوانرێت داوای **بڕێکی دیاریکراوی خەرجی** بکرێت، چەندێتی ئەم بڕە دیاریکراوەش لەلایەن دادگای سەرپەرشتیکردنەوە ، پێتڕادەگەیەنرێت. بڕی دیاریکراوی خەرجی دەتوانرێت بۆیەکەم جار ساڵێک لەدوای کارکردن وەک سەرپەرشتیکار بدرێت وە دواتریش ساڵانە ئەم بڕە دیاریکراوە دەدرێت بەکەسەکە (پەرەگرافی ١٨٧٨ بڕگەی ٣ لەیاسای مافی هاوڵاتی).

ئەم مافە لەدەست دەدرێت ئەگەر **تاکو ٣٠ / ٦ ساڵی دواتر** داواکە پێشکەش نەکرابێت .

### ٥ . زانیاری زیاتر ، ڕاوێژکردن و یارمەتیدان

دادگای سەرپەرشتیکردن ـ هەروەها ئەگەر خواستی خۆتی لەسەربێت ـ بەڕیوبەرایەتی سەرپەرشتیکردنیش دەتوانن لەجێبەجێکردنی کارەکەتدا ڕاوێژو یارمەتیت پێشکەش بکەن . دەتوانیت بێ بەرامبەر لە چاپ و بڵاوکراوەکانی حکومەتی فیدراڵییەوە داوای کەتەلۆکێکی زانیاری سەبارەت بەمافی چاودێری کردن بکەیت .